Kurdi-sorani

گرووپی وەرزشی گونجاو بۆ منداڵان و لاوان

هەفتەکانی ٣٦-٤٩ و ٢-١٨
گرووپەکان بۆ ئەو منداڵ وگەنجانەن کە لە وەرزشدا پێویستیان بە یارمەتیی تایبەت هەیە و بۆ خۆیان بەدوای وەرزشێکی خۆشدا دەگەڕێن. هەر هەفتە چەندین گرووپی جیاوازی وەرزشی هەن کە دەتوانیت تێیدا هەست بە
خۆشیی سەرکەوتن و شایی وەرزش بکەیت. وەرە لەگەڵمان وەرزش یان دانس، یاری یان مەلە بکە!

زانیاریی زیاتر لەسەر
lasten soveltavan liikunnan ryhmät kausiesite <- **turku.fi/soveltavaliikunta**

لەگەڵ کاتی خوێندن وەرزش بکە

وەرزشی بنچینەیی و سەرگەرمیی خۆراوجۆر لەژوور و لەدەرەوە!
چالاکیە وەرزشیەکانی بەخۆرایی ڕۆژانی خوێندن هەفتەکانی ٣٦-٤٩ و ٢-١٨ (جگە لە هەفتەکانی پشوودان) ڕێکدەخرێن. سەبارەت بە وەرزشەکانی خوێندنگەکەت رسیار لە بەرپرسی یانە یان مامۆستای منداڵەکەت بکە.

وەرزشەکان بەپێی خوێندنگەکان لێرەدا کۆکراونەتەوە:
turku.fi/harrastelukkarit

چالاکیەکانی KouluPT و KouluPCAC

چالاکیەکانی KouluPT (Personal Trainer) لە خوێندنگە بۆ خوێندکارەکانی ناوەندین بۆ زیادکردنی وەرزش و خۆشگوزەرانی بە مەبەستی چالاککردن و زیادکردنی خۆشگوزەرانیی خوێندکاران لە بواری جۆراوجۆردا.

Koulu Personal Culture & Arts Coach چالاکیەکانی خوێندنگە بۆ خوێندکارەکانی ناوەندین بۆ زیادکردنی هونەر و کولتوور بە مەبەستی چالاککردن و زیادکردنی پەیداکردنی گەرمیەکی هونەر و کولتووری بۆ لاوان.

زانیاریی زیاتر سەبارەت بە خوێندنگەکان و چالاکیەکان:
turku.fi/harrastamisen-turun-malli

MIHI

هەفتەکانی ٣٦-٤٩ و ٢-١٨ (جگە لە هەفتەی ٨).
MIHI دەرفەتی وەرزشکردن بە لاوانی ١٢ تا ١٩ ساڵان ٤٠ نۆرەی وەرزش بەخۆرایی لە تورکو پێشکەش دەکات. جۆرە وەرزشەکانی تاکەکەسی و تیمی بەفراوانی پێشکەشدەکرێن. جگە لە جۆرە وەرزشەکان دەتوانیت هەروەها سکەیتینگ لەسەر فەرشی سکەیتینگ و سکی لە ئیمپیڤارا بکەیت (پێداویستیەکان بەخۆرایی). لاوان هەروەها دەرفەتیان هەیە نۆرەی نەرتۆپی پێ لە خوێندنگەکانی تورکو بۆ خۆیان بگرن. بۆ نۆرەی Mihi پێویست نیە بەپێشوەختی ناوت بنووسیت (تەنیا بیلارد یان یاریی لاسەر نەبێت).

زانیاریی زیاتر jorma.fisk@turku.fi یان تەلەفۆن 0505546250
بڕوانە: **mihi.fi**

چالاکیە وەرزشیەکانی بەدواداگەڕانی خوێندنگەکان

چەندین خوێندنگەی بنچینەیی تورکو چالاکیە وەرزشیەکانی بەدواداگەڕانیان هەیە. خزمەتەکە بۆ ئەو خوێندکارانەیە کە تا ئێستا وەرزشێکی خۆش بۆ خۆیان نەدۆزیوە. بەرپرسی وەرزشی خوێندنگەی خۆت یارمەتیت دەدات و ڕێنامیی دەدات بۆ پەیداکردنی وەرزشێکی بە دڵت.

زانیاریی زیاتر: **turku.fi/koulujen-etsiva-harrastustoiminta**